# بەیاننامەی نارەزایەتی

# بۆسەرجەم مرۆڤە پێشکەوتوخوازەکانی عێراق و کوردستان و تەواوی جیهان

دوای ئەنجامدانی گۆڕانکارییە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی عێراق ، کە تەواوی جیهان لەم گۆڕانکارییەوە دەڕوانێت و باس لە بنیادنانەوەی تەواوی کایەکانی عێراق دەکرێت، لەسەر بنەمای دیموکراسیەت و پێکەوەژیانی ئاشتیانەو ئازادیانە، کەچی بەداخەوە هێشتا ئەم چرۆیانە نەپشکوتونە، شەمشەمە کوێرەکانی دژ بە روناکی و جوانییەکانی سەردەم کارێکی نابەجێی و نامرۆڤانەیان ئەنجامدا لە کاتێکدا کۆمەڵێ ( قوتابی لاوی کوڕ و کچ ) لە کۆلێژی ( ئەندازیاری ) زانکۆی بەسرە بە نیازی گەشت و سەیران و هەڵمژینی هەوای ئازادی روو دەکەنە سەیرانگای ( ئەندەنووس ) هەر لەشاری بەسرە. بەلام لەوکاتەدا پیاوانی ژووره تاریکەکانی نوسینگەی ( سەدر ) لەبەسرا هەڵدەکوتنە سەر قوتابیەکان و بەشێوەیەکی ناشرین و نابەجێ لەبەردەم خەڵکانێکی زۆر بە کێبڵ و دار دەکەونە گیانی ئەم قوتابیانەو بەمەشەوە ناوەستن و دەیان بەن بۆ نوسینگەکەیان و پەیمانیان پێ مۆر دەکەن کە چیتر ئەم کارانە ئەنجام نەدەن، جگە لەمەش دەست بەسەر پارەو مۆبایلەکانیان دا دەگرن .

## ئازادی خوازان

ئێمە ئەو رێکخراوانەی لە خوارەوە ناومان *هاتووە* بەتووندی دژایەتی خۆمان لەو کارە نامرۆڤایەتیە رادەگەیەنین کە بووە هۆی ئازاردانی جەستەیی و دەروونی کۆمەڵێ قوتابی کە داهاتووی ئەم وڵاتەیان دەکەوێتە ئەستۆ، ئێمە ئەو هەنگاوە بە هەنگاوێکی مەترسیدار دەزانین بۆ داهاتووی عێراق و ئەم جۆرە کارەش وەك نموونە سەرەتاییەکانی گروپە توندڕەوەکانی کوردستانە، بۆیە ئێمە داوادەکەین بە زووترین کات حکومەت پێش بەم دیاردە مەترسییە بگرێت و زەمینە نەڕەخسێنێ بۆ نەش و نوماکردن و پەل هاویشتنی ئەم دیاردە ناشارستانییەتە..

**بژی ئازادی تاکەکان**

**بمرێ تاریك پەرستان**

**سەرکەوتوو بێت هێزو توانای لەبن نەهاتووی لاوان و قوتابیان بۆ بنیادنانەوەی عێراق...**

**مەکتەبی سکرتاریەتی**

**-یەکێتی لاوانی دیموکراتی لە کوردستان** **-یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان**

**-کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان**

**20 / 03 /2005**

**هەولێر**